www.kurdistannet.org
24-2-2007 16:46 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئیکسپایەربوون و مردنی ئەو نووسەر و گۆرانیبێژانە کە دەبنە تووتی دەسەلات ... ئاسۆ بیارەیی

2007-2-22 سوێد
assobyari@yahoo. com



هەموو دەسەلاتێکی دۆگم و نەگۆر، بۆ بەهێزکردنی پایەو مانەوەی خۆی، نەک تەنها هێزی سەربازی بەکاردەهێنێت، بەڵکو پەنا دەباتە بەر کڕینی هەموو کەس و هێزێکی کە توانای ڕەنگ کردنی فەرمیەتی خۆی تیابێت، کە ڕوی خۆی پێ سپی بکاتەوە و دەستەو پاشکۆکەی خۆی پێ فریو بدات. ئەم دیاردەیە کێشەی هەموو دەسەلاتێکی دیکتاتۆرە، کە دەسەلاتی بۆ خۆی مۆنۆپۆل و زەوتکردوە و پشتا و پشتی بۆ ئامادەکردووە.

دەسەلاتدارانی باشووری کوردستان (یەنک، پدک و پارتیە چکۆلەکان)، ئەگەر لاسایی شێخەکانی کەنداو یان ڕژێمە ڕوخاوەکەی سەددامیش نەکەنەوە، ئەمرۆ دیاردەی کڕینی نووسەر، هونەرمەند و گۆرانیبێژیان کردووەتە باو و بە سەدەها هەزار دۆلار و سامانی خەڵکی برینداری ئەنفال و هەڵەبجەیان، تەرخان کردووە بۆ ئەو بیزنسە و مامەڵە نەزۆکە. ئەمە سەرەتایەکی بۆ خنکاندی دەنگانێک کە بە پەرۆشن بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو ڕەوتی شارەستانیەت و سیستەمەی هەڵبژاردن لە کوردستاندا و دانانی ڕادەیەک بۆ گەندەڵی.

دەستەمۆکردنی ڕوشنبیران و هونەرمەندان کە ئەرکی هوشیارکردنی کۆمەڵگەیان لە ئەستۆدایە، گەورەترین زیان لە سەرخانی کۆمەڵگەی کوردی دەدات، چونکە بە دەستەمۆکردنیان، گیانی داهێنان، گیانی سەربەخۆیی و پێشبردن ئیفلیج دەبێت، لەلایەکی تریشەوە ئەو دەسەلاتە گەندەڵە، ووزەی گەل، بۆ مانەوە خودی ئەو دەسەلاتە دەخاتە کار و لە پرسە نەتەوەییەکانی دواو دەخات و هێزی پەرت و بلاو دەکات کە دەرئەنجامی ڕەش و نەگەتیڤی لێ دەبێتەوە.

تەرخانکردنی هەزارەها دۆلار بۆ سەماکردنی گۆرانیبێژان لە کاتێکدا کە هەزارەها ئاوارە، قوربانی شەڕی براکوژی، ناساندی ئەنفال وەکو ژینۆساید لە ئارادایە و پێویستە کاری بۆ بکرێت، ووزە و توانای گەلی بۆ ڕێک بخرێت، پرۆسە هەنووکی و دوارژیەکان گەوج دەکات. دەسەلاتی گەندەڵی بنەماڵەگەری کوردی، دەبوو بە چاوێکی ڕێزەو سەیری ئەو سامانەی بکردایە و بۆ گەلی خەرج بکردایە. کۆچکردنی لاوانی کورد و دابەزینی ئاستی نەتەوایەتی و ڕەوشت. . هتد لە دیاردەی تری ناشیاو لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەنجامی ڕونی ئەو سیستەمە بۆگەنەیە کە دەسەلاتی کوردی وەبەرهێناوە. کەواتە پێوەندێکی بنەڕەتی هەیە لە نێوان گەندەلی دەسەلات و دەستەمۆکردنی نووسەران و گۆرانیبێژان، لێرەدا دەسەلات سامانی نەتەوەیی کوردی وەکو ئامرازێک و چەکێک بۆ ناچارکردنی هاونیشتمانی کورد، بۆ خزمەتی مانەوە ئەو دەسەلاتە دۆگمە و نەگۆڕە، بەکاردەهێنیت.

کەواتە ناچارکردن و دەستەمۆکردنی نووسەر، رۆشنبیر، گۆرانیبێژ، دەنگە ئۆپۆزیسیۆنەکان. هتد یەکێکە لە شێوازی ئەو دەسەلاتە بنەماڵەییە کە مافی تەواو دەتاتە مانەوەی خۆی لەسەر شانی ئەو لایەن و کەسانەیە کە وابەستەی خۆی کردوون. ئەو پرسیارە کە زۆر گرنگە کە دەبێت ئەو لایەن و کەسانە لە خۆیانی بکەن، ئەوەیە، ئایا هەستیان بە نەمانی کەسایەتی بوونی خۆیان نەکردووە بە پەنابردنە بەر ئەو دەسەلاتە؟ ئایا کەی ئەو هەستەیان لا دروست دەبێت کە ئەوان بەسەرچون و ئیکسپایەرن، هیچ کاریگەریان نەماوە؟ کەی بیردەکەنەوە کە بێداربېنەوە و لە دیلی و دەستەمۆیی ڕزگاریان ببێت، چونکە ئەو دەسەلاتە خۆپەرستە هەمیشە لە سۆراخی دۆزینەوەی کەسانی نوێیە کە بتوانن زیاتر ڕوی دەسەلاتەکەیانی پێ سپی بکەن؟ با ئەوشیان لە بیر نەچێت کە ئەوانیش بەهەڵبژاردنی ئەو دەسەلاتە، بەشدارن لە دۆگم کردن و دزینی سامانی نەتەوەیی کورد و بێ هێوایی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کردنی، ئەوانیش بەشدارن لە گۆڕانی پرسە گرنگەکانی باشووری کوردستان و هەمان ڕوی دزێوی دەسەڵاتن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.